# پوختەی بنەماکانی ئیمان و ئیسلام

## باسی زەکات

< kurdish - كردي - كوردي >

دکتۆر عبد الله محمد أحمد الطيار

وەرگێرانی: ئومێد عمر علی
پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# خلاصة الكلام في أركان الإيمان والإسلام

## باب الزكاة

عبد الله محمد أحمد الطيار

ترجمة : أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# باسی زەکات

ئەم بابەتانەی لەخۆ گرتووە :

1)پێناسەی زەکات .

2)گرنگی زەکات و حیکمەت لە مەشروعیەتی .

3)بەڵگەکانی واجب بوونی زەکات .

4)جیاوازی نێوان زەکات و باج .

5)ئایا ئەو کەسەی باج بدات ئەتوانێت زەکات نەدات .

6)مەرجەکانی زەکات .

7)حوکمی ئەو کەسانەی زەکات نادەن .

8)ئەو ماڵانەی زەکاتیان تێدا واجبە .

9)زەکاتی زێڕ و زیوو، ئەو شتانەی جێگای زێڕ و زیوو دەگرنەوە .

10)دەرکردنی زەکاتی زێڕ و زیوو بە پارە .

11)نیصابی ئەو دراوانەی کە کڕین و فرۆشتنیان پێ دەکرێت .

12)زەکاتی ماڵات (مەڕ و بزن و ووشتر و گا و مانگا) .

13)مەرجەکانی زەکاتی ماڵات .

14)خشتیەك بۆ ڕوونکردنەوەی زەکاتی ووشتر .

15) خشتیەك بۆ ڕوونکردنەوەی زەکاتی گا و مانگا .

16) خشتیەك بۆ ڕوونكردنەوەی زەكاتی مەڕ و بزن .

17)زەكاتی ماڵی بازرگانی .

18)پێناسەی ماڵی بازرگانی .

19)مەرجەكانی زەكاتی ماڵی بازرگانی .

20)ئەو ئەندازەیەی واجبە بۆ زەكاتی ماڵی بازرگانی .

21)جۆرەكانی ماڵی بازرگانی .

22)زەكاتی دانەوێڵە و بەروبوومی كشتوكاڵ .

23)ئەو دانەوێڵە و بەروبوومە كشتوكاڵیانەی كە زەكاتیان تێدا واجبە.

24)نیصابی زەكاتی دانەوێڵە و بەروبوومی كشتوكاڵ .

25)هەندێك تێبینی گرنگ لە سەر زەكات .

26)هەندێك بابەتی گشتی لەسەر زەكات .

27)ئەو كەسانەی زەكاتیان پێ دەدرێت .

28)نەداران(الفقراء ) .

29)هەژاران (المساكين) .

30)كرێكارانی كۆكەرەوەی زەكات (العاملين عليها) .

31)ئەوانەی ئومێدی ئەوەیان لێ دەكرێت لەئایندەدا موسڵمان بن (المؤلفة قلوبهم) .

32)بەندە و یەخسیرەكان (الرقاب) .

33)قەرزارەكان (الغارمون) .

34)لەڕێی خوادا (في سبيل الله) .

35)ڕێبوار (ابن السبيل) .

36)ئەو کەسانەی کە دروست نییە زەکاتیان پێ بدرێت .

37)زەکاتی سەر فیترە .

38)حوکمی زەکاتی سەر فیترە .

39)حیکمەت لە دانانی زەکاتی سەر فیترە .

40)کاتی دەرکردنی زەکاتی سەر فیترە .

41)ئەو کەسانەی زەکاتی سەر فیترەیان پێ دەدرێت .

## زەکات

### یەکەم : پێناسەی زەکات :

زەکات لە زمانەوانییدا، واتا : گەشەکردن و پاککردنەوە، زەکاتیش گەشە بەماڵ دەکات و داهاتیش پاك دەکاتەوە .

لەشەرعدا زەکات، واتا : هەقێکی واجبە خوای گەورە دایناوە لەسەر ماڵێکی تایبەت، بۆ کۆمەڵە کەسێکی تایبەتی دیاریکراو، لەکاتێکی دیاریکراودا، لە پێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە وپاککردنەوەی دەروون و ماڵ وسامان وکۆمەڵگە ([1]).

### دووەم : گرنگی زەکات و حیکمەت لە مەشروعیەت ودانانی :

زەکات گرنگیەکی مەزن وگەورەی هەیە لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا، هەر لەبەر ئەوەیشە حیکمەت لە دانان و مەشروعیەتی ئەم ڕوکنە گەورەی ئیسلام بەڵگەی ڕوون و ئاشکرایە لەسەر گرنگی پلە وپایەکەی، ئەویش لە ڕوانگەی باسکردنی حیکمەتەکانی دەردەکەوێت کە زەکات چی ڕۆڵ و کاریگەریەکی گەورەی هەیە لە ڕێکخستنی ئابووری وولات، وبەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە و دادپەروەری کۆمەلایەتی :

---

([1]) کتێبی (الزکاة) ی دانەر (لاپەڕە 11).

**سێهەم : ڕوونکردنەوەی هەندێک لە حیکمەتەکانی زەکات :**

1) پاککردنەوەی دەروونی مرۆڤەکانە لە ڕژدی، و چروکی، و چاوبڕینە ماڵی خەڵکی .

2) بەدەمەوە چوونی هەژاران، و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان، و هاوکاری کردنیانە لە پێناو ڕاگرتنی هاوسەنگی کۆمەڵگەدا .

3) بەرپاکردنی بەرژەوەندی گشتیە، کە بەختەوەری کۆمەڵگەی لەسەر وەستاوە .

4) دیاری کردنی سنوورێکە لە پێناو کەڵەکە نەبوونی داهات و ماڵ و سامان تەنها لای دەوڵەمەندەکان، و کۆبوونەوەی لەدەستی بازرگان وکەسە چاوچنۆکەکاندا، بەشێوەیەك ماڵ و سامانی وولات لەنێوانیاندا قەتیس ببێت و هەژاران و نەدارانیش زاقەی چاویان بێت، بۆ پاروە نانێك پێستی سکیان هەڵبگوشن .

5) زەکات کۆمەڵگە وا لێدەکات کە وەك خێزانێکی تۆکمە وتوند وتۆڵ پێکەوە بژین، بەشێوەیەك دەسەڵاتدارەکان بەزەییان بێتەوە بە بێ دەسەڵاتەکاندا، دەوڵەمەندەکانیش چاویان لە هەژارەکان بێت، لەهەمان کاتدا هەژاران و نەدارانیش چاویان نەبڕنە ماڵی خاوەن ماڵ و سامانەکان ئەگەر هاتوو لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا زەکاتی سامانەکەیان پێ گەیاندن .

6) زەکات ئاگری شۆڕشی دەروونی هەژاران دەکوژێنێتەوە ورق و کینەیان لەدڵدا ناهێڵێت، بەرامبەر دەوڵەمەندەکان .

7) زەکات ڕێگرە لە ئەنجامدانی تاوانی دزی و جەردەیی و ماڵ بڕین و هەڵکووتانە سەر ماڵی خەڵکی .

8) زەکات گەشە بە ماڵ وسامان دەکات، وپاکی دەکاتەوە لەتێکەڵ بوونی بە حەرامێك ئەگەر تێی کەوتبێت .

9) زەکات هۆکاری خێر و خۆشی و بەرەکەتی ماڵ و سامانە ([2]).

**چوارەم : بەڵگەکانی واجب بوونی زەکات :**

کۆمەڵێك لە دەقەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بەڵگەن لەسەر واجب بوونی زەکات لەسەر موسڵمانان، هەروەها پێشەوای ئازیزمان موحەمەد ﷺ ڕوونی کردوەتەوە زەکات کۆڵەکەیەکی بەهێزە  کە ئاینی پیرۆزی ئیسلامی لەسەر بنیات نراوە، هەر لەبەر ئەوەیە زەکات بە پلەی سێهەم دێت لە ناو ڕوکنەکانیدا .

ئەمەش کە ئێستا ئاماژەیان پێدەدەین مشتێکە لە خەرواری ئەو بەڵگانەی کە باس لە واجب بوونی زەکات دەکەن :

لەقورئانی پیرۆزدا خوای گەورە فەرموویەتی :﴿وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱرۡكَعُواْ مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ ٤٣﴾ ([3]) واتا : فەرمانیان پێ بکە با بە تێرو تەسەل نوێژ ئەنجام بدەن و؛ بەشێکی داراییشیان

---

([2]) الشرح الممتع على زاد المستنقع (6/12-14) ، منهاج المسلم لاپەڕە (367).
([3]) سورة البقرة : الآية43.

به زەکات بدەن و، لەگەڵ کڕنووش بەراندا، کڕنوش بەرن، واتا: لەگەڵ موسڵمانەکاندا نوێژ بەکۆمەڵ بکەن , هەروەها فەرموویەتی :﴿ وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ ۚ وَمَا تُقَدِّمُوا۟ لِأَنفُسِكُم مِّنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِندَ ٱللَّهِ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿١١٠﴾ ﴾ ([4]) واتا : نوێژەکانتان بەچاکی ئەنجام بدەن و زەکاتیش بدەن (بە خاوەن مافەکان) و دڵنیا بن کە هەر کارێکی چاکە بۆ خۆتانی دەکەن، لای خوا بزر نابێت و دەستتان دەکەوێتەوە چونکە بەڕاستی خوا بیناو بە ئاگایە بەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن , وە فەرموویەتی :﴿ فَإِذَا ٱنسَلَخَ ٱلْأَشْهُرُ ٱلْحُرُمُ فَٱقْتُلُوا۟ ٱلْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَٱحْصُرُوهُمْ وَٱقْعُدُوا۟ لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ ۚ فَإِن تَابُوا۟ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُا۟ ٱلزَّكَوٰةَ فَخَلُّوا۟ سَبِيلَهُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٥﴾ ﴾ ([5]) واتا : ئینجا کە مانگە حەرام و خاوەن رێزەکان بڕانەوە ، واتا: ئەوانەی کەجەنگیان تیا قەدەغەکراوە، کە ئەوانیش ئەم چوار مانگەن: (زیقەعەدە، زیحەججە، موحەررەم، رەجەب) , دەسا ئێوەش لە هەرجێگایەکدا موشریکەکانتان دەستکەوت بەمەرجێ (ژن و منداڵ و گۆشەگیر نەبن) لە حەرەم و لە دەرەوەی حەرەم، لەچوار مانگەکان و، لەغەیری چوار مانگەکانیشدا بیانکوژن , وەلە هەموو کەمین و رێگەیەکیشدا بۆیان دانیشن , ئەمجا ئەگەر پەشیمان بوونەوە لە هاوبەشدانان بۆ خوا , و بەرێك و پێکی نوێژیان ئەنجامدا , و زەکاتیان ماڵوسامانیان دەرکرد , ئێوەیش رێگەیان بۆ چوڵ بکەن وهەقتان بەسەریانەوە

---

([4]) سورة البقرة : الآية 110.

([5]) سورة التوبة : 5 .

نەبێ، با بێن و بچنە ناو حەرەمیشەوە , بە ڕاستیی خوا لەگوناح زۆر لێبوردەیە، زۆریش دلۆڤان و میهرەبانە بەرامبەر بەتەوبەکاران.

بەڵگەکان لە سوننەت :

1) فەرمووده بەناوبانگەکەی جوبرەئیلە کە تیایدا هاتووە : « الإسلام أن تشهد أن لا إله إلا الله وأن محمداً رسول الله وتقيم الصلاة، وتوتي الزكاة، وتصوم رمضان، وتحج البيت إن استطعت إليه سبيلاً » ([6]) واتا : ئیسلام ئەوەیە شاهیدی بدەی کە هیچ پەرستراوێکی بەهەق نییە جگە لە (الله) وە موحەمەد پێغەمبەری خوایە، وە نوێژەکان بکەیت، و زەکاتی ماڵوسامانت بدەیت، و ڕۆژوی مانگی ڕەمەزان بگریت، و حەجی ماڵی خوا بکەیت ئەگەر توانات هەبوو .

2) عن ابن عمر (رضي الله عنهما) قال : قال رسول الله ﷺ : « بني الإسلام على خمس : شهادة أن لا إله إلا الله وأن محمداً رسول الله، وإقام الصلاة، وإيتـــاء الزكاة، وصوم رمضان، وحج البيت لمن استطاع إليه سبيلاً » ([7]) واتا : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەسەر پێنج بنەما وەستاوە، شاهیدی دان بەوەی هیچ پەرستراوێکی بەهەق نییە جگە لە (الله) وە موحەمەد پێغەمبەری خوایە، وە بەجێهێنانی نوێژ، و دانی زەکات، و ڕۆژوی رەمەزان، و حەجی ماڵی خوا بۆ ئەو کەسانەی توانایان هەیە .

---

([6]) رواه البخاري في كتاب الإيمان، باب دعاؤكم إيمانكم (8)، ومسلم في الأيمان، باب قول النبي ﷺ « بنى الإسلام على خمس.. (120).

([7]) رواه البخاري في الإيمان، باب الإسلام والإيمان والإحسان (8) ومسلم في لإيمان باب أركان الإسلام (16).

ئەوەی ئاماژەمان پێدا کۆمەڵە دەقێك بوون لە قورئان و سوننەت، بە ئاشکرا بەڵگە بوون لەسەر ئەوەی زەکات ڕوکنێکی گەورەی ئیسلامە، وکۆڵەکەیەکی بتەویەتی بەشێوەیەك ئیسلام تەواو نابێت بەبێ زەکات دان ([8]) لەڕوانگەی ئەو دەقانەشەوە موسڵمانان لەکۆن و نوێیدا هەموویان کۆدەنگ بوون لەسەر واجبیەتی زەکات و پێویستی بەجێهێنانی.

## پێنجەم : جیاوازی نێوان زەکات و باج [9]:

1 ) زەکات بەنیەتی نزیك بوونەوە لەخوای گەورە ﷻ دەدرێت بە هەژاران، ئەم مانایە بوونی نییە لە باج داندا، چونکە باج دان پابەند بوونێکی مەدەنیانەی نێوان حکومەت و خەڵکیە.

2) زەکات هەقێکی شەرعیە، و خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ﷺ ئەندازەیان بۆ دیاری کردووە، بە پێچەوانەی باجەوە کە لەلایەن دەسەڵاتی کاتی سەردەمەوە دیاری دەکرێت، بە پێی بارودۆخ و بەرژەوەندی حکومەت زیاد و کەم دەکات.

3)زەکات دەدرێت بەو کەسانەی قورئانی پیرۆز دیاری کردون، بەڵام باج دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت، و پاشان لەو پڕۆژانەی کە حوکمەت و دەسەڵات بە پێویستی دەزانن خەرج دەکرێن .

([8]) سەیری کتێبی (الزكاة) ی دانەر (لاپەڕە 34، 35)بکە .

([9]) سەیری کتێبی (الزكاة) ی دانەر (لاپەڕە 57) بکە ؟

4)زەکات فەرزێکی هەمیشەییە، هەتاوەکو ئیسلام و موسڵمانان لەسەر زەویدا مابن زەکاتیش بەردەوام دەبێت، بەڵام باج وەرگرتن مۆرکێکی هەمیشەیی و بەردەوامی نییە .

**شەشەم : ئایا ئەو کەسەی باج بدات ئەتوانێت زەکات نەدات ؟**

لەڕوانگەی ئەو جیاوازیانەی کە ئاماژەمان پێدا، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بەهیچ شێوەیەك باج دان بە حکومەت، جێگای زەکات دان لەسەر موسڵمان پڕ ناکاتەوە، چونکە ئەگەر ڕێگامان بەوەها شتێك دا و فەتوای دروستیمان دا، ئەوا خۆمان بەدەستی خۆمان ئەو ڕوکنە گەورەی ئیسلام لەناو دەبەین، بەهیچ شێوەیەك باج دان فەرزی زەکات لەسەر موسڵمان هەڵناگرێت، چونکە زەکات بە چەند مەرجێکی تایبەت دەدرێت بەکۆمەڵە کەسێکی دیاری کراو، کە دروست نییە بدرێت بە غەیری ئەوان .

بەکورتی : باج دان بەهیچ شێوەیەك جێگای زەکات دان پڕ ناکاتەوە، ئەمەش ڕای زانایان و پسپۆڕانی شەریعەتی ئیسلامە ([10])، چونکە زەکات خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی ﷺ بەشەرعیان داناوە، بە پێچەوانەی باجەوە کە مرۆڤەکان دایانناوە و ڕێکیان خستووە .

**حەوتەم : مەرجەکانی زەکات :**

ئەو مەرجانەی پەیوەستە بەو کەسەی کە زەکات دەدات :

---

([10]) فتاوى ابن تيمية : (93/25)، موجز من فقه العبادات، محمد الحسيني : (لاپەڕە 65)، فقه الزكاة، للقرضاوي (1119/2).

1) ئیسلام، واتا ئەو کەسە دەبێت موسڵمان بێت، بۆیە زەکات لە غەیری موسڵمان وەرناگیرێت، چونکە زەکات دان ڕوکنێکە لە ڕوکنەکانی ئیسلام، و لەسەر ڕوکنی یەکەم کە شاهیدومانە دادەمەزرێت .

2) ئازاد بوون، واتا : زەکات لەسەر بەندە (عەبد) واجب نییە، چونکە بەندە ماڵ و دارایی خۆی نییە، هەرچیەکی هەیە هی خاوەنەکەیەتی.

3) نیەت، واتا : ئەو کەسەی کە زەکاتەکە دەردەکات نیەتی ئەوەی هەبێت ئەوەی دەیکات، فەرزە لەسەری، و مەبەستی ڕەزامەندی خوای گەورەیە.

ئەو مەرجانەی پەیوەستە بەو ماڵەی دەدرێت لەزەکاتدا :

1) ئەبێت ئەو ماڵە موڵکی تەواو بێت، واتا : ئەو ماڵە مافی ئەو کەسە خۆی بێت و مافی کەسی تری بەسەرەوە نەبێت، وە بە ئارەزووی خۆی بتوانێت تەصەڕوفی پێوە بکات .

2) دەبێت ئەو مالە قابیلی گەشە کردن بێت، واتا : ئەو ماڵە توانای ئەوەی هەبێت قازانج بۆ خاوەنەکەی دابین بکات .

3) ئەو ماڵە گەشتبێتە (نصاب) ڕادەی واجب بوونی زەکات، مەبەستیش ئەو ڕادەیەی کە شەریعەتی ئیسلام دیاری کردووە بۆ هەموو جۆرێك لە ماڵ و سامان، چونکە ئەگـەر هاتوو لەو ڕادەیە کەمتر بوو ئەوا زەکاتی تێدا واجب نابێت .

4) تێپەڕ بوونی ساڵ بەسەر ئەو ماڵەی کە زەکاتەکەی تێدا واجب بووە، ئەویش بە ساڵی کۆچی.

5) دەبێت زیاد بێت لەپێداویستیە سەرەکیەکانی خۆی، وەك نەفەقەی ڕۆژانە، و خانوو و جێگا وڕێگا، وپێداویستی جەنگ ئەگەر هاتوو لەڕیزی موجاهیداندا بوو، وە دابینکردنی جلوبەرگ کە بیپارێزێت لە سەرما و گەرما (11).

**هەشتەم : حوکمی ئەو کەسانەی زەکات نادەن :**

ئەو کەسانەی کە زەکات نادەن حاڵیان لەم حاڵەتانەی خوارەوە بەدەر نییە :

**یەکەم** : ئەو کەسەی کە زەکات نادات ئەگەر هاتوو ئینکاری فەرزیەتی زەکاتی دەکرد، و باوەڕی پێی نەبوو، ئەم حاڵەتەش خۆی لەخۆیدا دەکرێت بە دوو بەشەوە :

**حاڵەتی یەکەم** : ئەگەر هاتوو تازە موسڵمان بوو، وە یان لەجێگەیەکی دوورە دەست دەژیا، ئەم کەسە حوکمی بێباوەڕی نادرێت بەسەریدا، تاوەکو بەڵگەکانی فەرز بوونی زەکاتی بۆ ڕوون دەکرێتەوە، ئەمجا حکومەتی ئیسلام بەزۆر زەکاتەکەی لێ دەسێنێت، خۆ ئەگەر پاش ئەوە هەر دانی نەدەنا بە فەرز بوونی زەکاتدا، حوکمی بێباوەڕی بەسەردا دەدرێت، و لەگەڵیدا دەجەنگێت تاوەکو لێی دەسەنرێت .

(11) سەیری کتێبی (الزكاة) ی دانەر (لاپەڕە 63) بکە .

**حاڵەتی دووەم** : ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی ئینکاری فەرز بوونی زەکاتی دەکرد، لەو کەسانە بوو ئەحکام و تەعالیمەکانی ئیسلامی لا ڕوون و ئاشکرا بوو، بەوەی لەناو وولاتی موسڵماناندا دەژیا و گوێی لە زانایان و بانگخوازان و ووتاربێژان بوو بوو کە باسی فەرزیەتی زەکاتی بۆ خەڵکی دەکرد، ئەم جۆرە کەسانە ئەگەر ئینکاری فەرزیەتی زەکات بکەن و دانی پێدا نەنێن و زەکاتی ماڵ وسامانیان نەدەن بە هەژاران، حوکمی بێباوەڕی بەسەردا دەدرێت و ودەسەڵات لەگەڵیدا دەجەنگێت تا ئەو کاتەی دەگەڕێتەوە و زەکاتی ماڵ و سامانەکەی دەدات .

**دووەم** : ئەو کەسەی کە زەکات نادات، دان دەنێت بە فەرزیەتی زەکاتدا، بەڵام لەبەر ڕژدی و بەخیلی زەکاتەکەی نادات بەهەژاران، ئەم کەسە حوکمی بێباوەڕ نادرێت بەسەریدا، بەڵام هێندە هەیە دەسەڵات و حکومەتی ئیسلام بەزۆر لێی دەسێنێت، و دەیدات بەو کەسانەی کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ناوی هێناون، وە ئەگەر هاتوو دەسەڵاتداری موسڵمانان حاکمێکی دادپەروەر بوو بەو شێوەیەی کە بە شایستەی دەزانێت سزای دەدات تاوەکو تەمێ ببێت، وە ئەگەر هاتوو حاکمی موسڵمانانیش کەسێکی ستەمکار بوو ئەو کاتە تەنها زەکاتەکەی لێ دەسێنێت و سزای نادات ([12]) .

**نۆیەم : ئەو ماڵانەی زەکاتیان تێدا واجبە :**

زەکات لە چوار شتدا واجبە :

---

([12]) المغني (435/2) ، کتێبی (الزكاة) ی دانەر (لاپەڕە 75 - 76).

1) **زێڕ و زیوو،** وە هەرشتێکیش جێگەی زێڕ و زیوو بگرێتەوە، بە مەرج گیراوە زێڕ بگاتە بیست مسقاڵ ئەوجا زەکاتی لێ دەکەوێت کە بە گرام دەکاتە (85) هەشتاو پێنج گرام، ئەگەر هاتوو گەیشتە ئەو ڕادەیە و ساڵێکی بە ساڵی کۆچی بەسەردا تێپەڕی ئەو کاتە دەبێت نیو مسقالێ بدات بە زەکاتدا، کە دەکاتە (2،12) گرام .

وە زەکاتی زیوویش دەبێت بگاتە پێنج ئۆقیە، وە هەموو ئۆقیەیەکیش چل درهەمە، واتە نیصابی زیوو دوو صەد درهەم زیووە، کە دەکاتە (595) گرام، جاکاتێك ساڵی بەسەردا هاتەوە، دەبێت پێنج درهەمی بدرێت بە زەکاتدا، کە بە گرام دەکاتە نزیکەی (10)گرام زیوو .

**دەرکردنی زەکاتی زێڕ و زیوو بە پارە .**

هەندێك کەس دەپرسن ئایا دروستە کەسێك کە زێڕ یان زیووی هەبێت و زەکاتەکەی بە زێڕ و زیوو دەرنەکات، بەڵکو بە پارە دەری بکات ؟

لەوەڵامدا دەڵێین : ئەو کەسەی کە دەیەوێت زەکاتی زێڕ و زیوو بە پارە دەربکات، دەبێت ئەم خاڵانە ڕەچاو بکات :

1) دەبێت ئەو کاتەی کە زەکاتی زێڕ و زیووەکەی لەسەر واجب دەبێت، لە بازاڕ لە نرخی زێڕ و زیوو بپرسێت بزانێت مسقاڵی زێڕ یان زیوو بەچەندە .

2) دەبێت پاش ئەوەی نرخەکەی زانی، نصابی زێر کە (85) گرامە، یان نیصابی زیوەکە کە (595) گرامە، بە پارە حساب بکات بزانێت بە پارە چەند دەکات، ئەمجا لەسەدا دوو و نیووی هەموو پارەکە بدات بە زەکاتدا .

## نیصابی ئەو دراوانەی کە کڕین و فرۆشتنیان پێ دەکرێت :

هەندێك کەس وای لێك دەدەنەوە و واگومان دەبەن، ئەگەر هاتوو زێر و زیوویان نەبوو، ئیتر زەکاتیان لەسەر فەرز نییە، چونکە بە گومانی خۆیان دەقەکانی قورئان و سوننەت باسیان لە زەکاتی زێر و زیوو کردووە و باسیان لەزەکاتی ئەم دراو وپارانەی ئێستا نەکردووە کە بەدەستی خەڵکیەوەن، لەوەڵامدا پێیان دەڵێین : ئەمە گومانێکی گەندەڵ و خراپ و نابەجێ یە، بەڵکو هەرکەسێك هەر دراو و پارەیەکی هەبێت لەم دراو و پارانەی ئێستا لەبازاڕدا بەدەست خەڵکیەوەن وبگاتە ڕادەی کڕینی بیست مسقاڵ زێر، یان کڕینی دوو صەد درهەم زیوو، ئەو کاتە واجبە لەسەری زەکاتی ئەو پارەیەی بدات، بە ڕێژەی لە (2،5%) صەدا دوو نیو، واتا : ئەگەر پێنج هەزار دۆلاری هەبوو، ئەوا لەهەر صەد دۆلارێك، دوو دۆلار و نیو دەدات، لە پێنج هەزار دۆلارەکە (125) صەد و بیست وپێنج دۆلار دەدات بە زەکاتدا، خۆ ئەگەر پێنج ملیۆن دیناری عێراقی هەبوو، ئەوا لە هەر ملیۆنێك بیست و پێنج هەزار دینار دەدات، لە پێنج ملیۆنەکەش (125000) دەبێت صەد و بیست و پێنج هەزار بدات .

## 2) ماڵی بازرگانی :

**أ-پێناسەی ماڵی بازرگانی :** هەموو کاڵایەك ئامادەکرا بێت بۆ کڕین و فرۆشتن، بەمەبەستی قازانج کردن .

### ب- مەرجەکانی زەکاتی ماڵی بازرگانی :

1-خاوەندارێتی تەواوی ئەو کاڵایەی کە بۆ بازرگانی دانراوە .

2-دەبێت ئەو کاڵایەی بۆ بارزگانی دانراوە نرخەکەی بگاتە نیصاب وڕادەی واجب بوونی زەکات، ئەویش بەوە دەبێت کە بەیەکێك لە نرخی زێڕ و زیوو بخەمڵێنرێت و بەراورد بکرێت .

3- تێپەڕبوون و گەڕانەوەی ساڵی کۆچی بەسەریدا ([13]).

### ج- ئەو ئەندازەیەی واجبە بۆ زەکاتی ماڵی بازرگانی بدرێت :

ئەو ئەندازەیەی واجبە بۆ زەکاتی ماڵی بازرگانی بدرێت چارەکی دەیەکێك دەکات، واتە لەصەدا دوو و نیو بەرێژەی سەدی ([14]).

### د- جۆرەکانی ماڵی بازرگانی :

ماڵی بازرگانی دوو جۆرە :

---

([13]) کتێبی (الزکاة) ی دانەر (لاپەڕە 96).

([14]) سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ( 97 ) .

(**مدارة**) : بەو ماڵ و کاڵایە دەوترێت کە خاوەنەکەی چاوەڕێی ئەوە ناکات تا نرخەکەی بەرز ببێتەوە ئەمجا بیفرۆشێت، بەڵکو بەردەوام دایناوە بۆ ئەوەی بیفرۆشێت .

(**محتكرة**) : بەو ماڵ و کاڵایە دەوترێت کە خاوەنەکەی چاوەڕێی ئەوە دەکات کە نرخەکەی بەرز ببێتەوە ئەمجا دەیفرۆشێت .

جا ئەگەر هاتوو ئەو ماڵ و کاڵایە لەجۆری یەکەم (مدارة) بوو، زەکاتەکەی وەك پێشوتر دەدرێت کە ڕوونمان کردەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو لەجۆری دووەم (محتكرة) بوو ئەوا ئەو کاتەی کە فرۆشتی زەکاتی یەك ساڵی لێ دەدات، ئەگەر چەند ساڵێکیش ئەو کاڵایە دانرابێت بۆ ئەوەی نرخەکەی بەرز ببێتەوە .

### 3- زەکاتی ماڵات (مەڕ و بزن و ووشتر و مانگا) :

مەبەست لە ماڵات : مەڕ و بزن و ووشتر و مانگایە .

### مەرجەکانی زەکاتی ماڵات :

أ-دەبێت بگاتە ڕادەی واجب بوونی زەکات تێیاندا (نصاب)، ڕادەی واجب بوونی زەکاتی ووشتر پێنج ووشترە، مەڕ وبزنیش چل سەر مەڕ وبزنە، وە مانگا سی سەر مانگایە، ئەگەر هاتوو لەمە کەمتر بوو ئەوا زەکاتیان تێدا واجب نابێت .

ب-دەبێت ساڵێك بە ساڵی کۆچی تێپەڕ ببێت بەسەریدا .

ج- دەبێت ئەو ماڵاتە لە مەزرا و لەوەڕگای سروشتی بلەوەڕێت، مەبەست ئەوەی زۆربەی زۆری ئەو ساڵە لەو لەوەڕگا سروشتیانە بلەوەڕن .

د- نابێت ئەو جۆرە ماڵاتانە خاوەنەکەی بۆ ئیش وکار لای خۆی هێڵابێتیەوە، بۆ نموونە : گا بۆ زەوی کێڵان دەهێڵرێتەوە، یان ووشتر لە هەندێك جێگە بۆ هەڵگۆزینی ئاو بەکار دێت .

**خشتەیەک بۆ ڕوونکردنەوەی ڕادەی واجب بوونی زەکاتی ماڵات، لەگەڵ ئەو بڕەی کە پێویستە بدرێت لە زەکاتدا .**

**خشتەی ڕوونکردنەوەی زەکاتی ووشتر**

| لە | بۆ | ئەوەی واجبە بدرێت |
|---|---|---|
| 5 | 9 | شەکە مەڕێك . |
| 10 | 14 | دوو شەکە مەڕ . |
| 15 | 19 | سێ شەکە مەڕ . |
| 20 | 24 | چوار شەکە مەڕ . |
| 25 | 35 | ووشترێکی مێ کە ساڵێکی تەواو کردبێت و چووبێتە ساڵی دووەمەوە . |
| 36 | 45 | ووشترێکی نێرینە کە دوو ساڵی تەواو کردبێت و پێی خستبێتە سێهەم ساڵەوە |

| | | |
|---|---|---|
| | | . |
| 46 | 60 | ووشترێکی مێ کە سێ ساڵی تەواو کردبێت و پێی خستبێتە ساڵی چوارەمەوە . |
| 61 | 75 | ووشترێکی مێ کە چوار ساڵی تەواو کردبێت و پێی خستبێتە ساڵی پێنجەمەوە . |
| 76 | 90 | دوو ووشتری مێ کە دوو ساڵی تەواو کردبێت و پێیان خستبێتە ساڵی سێهەمەوە . |
| 90 | 120 | دوو وشتری مێ کە سێ ساڵی تەواو کردبێت و پێی خستبێتە ساڵی چوارەمەوە . |

**تێبینی** : ئەگەر لە (120) زیادی کرد لە هەر (50) دانەیەك ووشترێکی مێی سێ ساڵە، یان لە هەر (40) دانەیەك ووشترێکی مێی سێ ساڵە دەدرێت لە زەکاتدا

## خشتەی ڕوونکردنەوەی زەکاتی ڕەشە ووڵاخ

| لە | بۆ | ئەوەی واجبە بدرێت |
|---|---|---|
| 30 | 39 | گوێرەکەیەك ساڵێکی تەواو کردبێت . |

| | | |
|---|---|---|
| 40 | 59 | گوێرەکەیەك دوو ساڵی تەواو کردبێت . |
| 60 | 69 | دوو گوێرەکە یەکی ساڵێکیان تەواو کردبێت |
| 70 | 79 | دوو گوێرەکە یەکێکیان دوو ساڵی تەواو کردبێت، ئەوی تریان یەك ساڵی تەواو کردبێت . |

## خشتەی ڕوونکردنەوەی زەکاتی مەڕ و بزن

| لە | بۆ | ئەوەی واجبە بدرێت |
|---|---|---|
| 40 | 120 | شەکە مەڕێك |
| 121 | 200 | دوو شەکە مەڕ |
| 201 | 399 | سێ شەکە مەڕ |

**تێبینی :** ئەگەر هاتوو گەیشتە (400) مەڕ یان بزن و زیاتر، ئەوا لە هەر (100) دانەیەك شەكێك دەدرێت .

---

### 4- زەکاتی دانەوێڵە و بەروبوومی کشتوکاڵ :

أ- ئەو بەروبوومە کشتوکاڵیانەی کە زەکاتیان تێدا واجبە :

زەکات لە بەروبوومە کشتوکاڵیەکانی گەنم و جۆ و مێوژ و خورما واجبە، جگە لەم بەروبومانە زانایان ڕایان جیاوازە لە زەکاتی بەروبومەکانی تردا، جمهوری زانایان بەلایانەوە وایە هەر

بەروبومێکی کشتوکاڵی قوت بێت و پێوانە بکرێت و شایستەی هەڵگرتن بێت زەکاتی تێدا واجبە ([15])، جگە لەمانە بەلای ئەوانیشەوە زەکات لەهیچی تردا واجب نییە ([16]).

ب- (نیصاب) ڕادەی واجب بوونی زەکاتی دانەوێڵە وبەروبوومی کشتوکاڵ :

ڕادەی واجب بوونی زەکاتی بەروبومی کشتوکاڵ، پێنج ویسقە وزیاترە، ئەگەر لەو ڕادەیە کەمتر بوو زەکاتی تێدا واجب نابێت، بەڵگەیش لەسەر ئەم ووتەیە، ئەو فەرموودەیەیە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : «ليس فيما دون خمسة أوسق من التمر صدقة » ([17]) واتا : کەمتر لە پێنج ویسق لە خورما زەکاتی تێدا نییە .

ئەم پێنج ویسقەش بە نزیکی دەکاتە (675) کیلۆ گرام .

ج- هەندێك تێبینی گرنگ لەبارەی زەکاتی بەروبوومی کشتوکاڵەوە:

([15]) مەبەست لە ووتەی زانایان کە دەڵێن : دەبێت قوت بێت و توانای ئەوەی هەبێت هەڵبگیرێت، مەبەست لە قووت ئەوەیە خەڵکی بتوانن لەحاڵەتی ئاساییدا پێی بژین, نەك لەحاڵەتی پێویستیدا، وەکو : گەنم و برنج وگەنمەشامی وهاوشێوەکانی، کەواتە لە بادەم و فوستق و گوێز و هاوشێوەکانیدا زەکات واجب نییە، چونکە لە حاڵەتی ئاساییدا مرۆڤ ناتوانێت بەو شتانە بژی، هەروەها لە سێو و قۆخ و قەیسی و هاوشێوەکانیشیدا زەکات واجب نییە، چونکە ناتوانرێت بۆ ماوەیەك هەڵبگیرێن، مەبەست لە هەڵگرتنیش ئەوەیە ئەو خواردنە بتوانرێت بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ هەڵبگیرێت و پارێزگاری لێ بکرێت بەبێ ئەوەی خراپ ببێت، بۆ نمونە : خورما بۆ ماوەی ساڵێك و زیاتریش دەتوانرێت هەڵبگیرێت بەبێ ئەوەی خراپ ببێت، هەروەها مێوژ هەڵیش دەگیرێت و پێوانەیش دەکرێت، هەروەها جۆ و کونجی وگاڵ و گەنمەشامی و برنج و هاوشێوەکانیان، هەڵیش دەگیرێن و پێوانەیش دەکرێن .

([16]) کتێبی (الزكاة) ی دانەر (لاپەڕە 97).

([17]) رواه البخاري في الزكاة، باب ليس فيما دون خمس ذود صدقة (1459).

1) بۆ دانەوێڵە و بەرووبومە کشتوکاڵیەکان، بە مەرج گیراوە دەبێت بەرووبومی کشتوکاڵیەکان پێ گەیشت بن واتە زەرد یان سوور بووبێت، وە مەرجی دانەوێڵەش دەبێت دانەکەی بتەو بووبێت، وە مەرجی ترێ و زەیتونیش ئەوەیە کە تامیان خۆش بوو بێت .

2) ئەگەر هاتوو دانەوێڵە و بەرووبومە کشتوکاڵیەکان، بە ئاوی باران یان بە ئاوێکی بێ زەحمەت وهەڵکێشان ئاویان دەخوارد، وەك ئاوی ڕوبار و کانیاوەکان، ئەوا دەیەکی لێ دەدرێت بە زەکاتدا، واتا (10%) لەصەدا دە، خۆ ئەگەر هاتوو بەئاوێك ئاوی دەخوارد زەحمەتی دەویست وەك هەڵگۆزینی لە بیرەکانەوە، بە ماتۆڕ و بە دۆڵچە، ئەوا بیست یەکی لێ دەدرێت بە زەکاتدا، واتا : (5%) لەصەدا پێنج، ئەویش بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت : « فیما سقت السماء والعيون أو كان عثرياً العشر، وفيما سُقي بالنضح نصف العشر » ([18]) واتا : ئەو کشتوکاڵەی کە بەئاوی باران یان کانیاوەکان ئاو دەخۆنەوە , دەیەکی دەدرێت بۆ زەکات، ئەگەر بەئاو هەڵگۆزتن و دەرهێنانیشی بوو لەزەوی ئەوا نیو دەیەکی دەدرێت بۆ زەکات .

3- ئەگەر هاتوو جارێك ئاوی بۆ هەڵدەگۆزرا لەبیرەکانەوە، وە جارێکیش بە ئاوی باران یان کانیاو یان ڕووبار ئاوی دەخوارد، ئەوا سێ بەش لە دەیەکی دەدرێت بە زەکاتدا، واتا بۆ نمونە ئەگەر (1200) کیلۆغرام دانەوێڵەی هەبوو بەو شێوەیە ئاوی دەخواردەوە، دەیەکی (1200) کیلۆ دەکاتە (120) کیلۆ، ئەم (120) کیلۆیەش بکە بە چوار بەشەوە سێ بەشی دەدرێت بە

([18]) رواه البخاري في الزكاة، باب العشر فيما يسقى... (1483) عن ابن عمر رضي الله عنهما.

زەكاتدا، واتا لەكۆتاییەوە (90) كیلۆ دەدرێت بەو بەروبوم و دانەوێڵەی كە جارێك بە ئاوی باران و جارێكیش بەهەڵگۆزتن ئاو دەدرێت .

## هەندێک بابەتی گشتی لەسەر زەكات :

**بابەتی یەكەم** : هەركەسێك قەرزی لەسەر كەسێكی تر هەبوو، وە ئەو كەسە دەیتوانی بیداتەوە بەخاوەنەكەی، هەركاتێك خاوەن پارەكە قەرزەكەی وەرگرتەوە لە قەرزارەكە ئەوا زەكاتی ئەو ماوەیەی كە لای قەرزارەكە بووە، چەند ساڵ بوو هەر هەمووی دەدات، وە باشتریش وایە هەموو ساڵێك زەكاتەكەی بدات هەرچەند وەریشی نەگرتبێتەوە مادام دەتوانێ هەركاتێك بیەوێت پارەكەی لە قەرزارەكە وەربگرێتەوە، خۆ ئەگەر هاتوو قەرزی لەسەر كەسێكی نەدار بوو، واتا نەیدەتوانی بیداتەوە بە خاوەن قەرزەكە، ئەوا خاوەن قەرزەكە هەركاتێك پارەكەی لە قەرزارەكە وەرگرتەوە زەكاتی تەنها ساڵێك دەدات ئەگەر ساڵی بەسەردا گەڕابوویەوە، واتا ئەگەر زیاتر لە ساڵێكیش لای قەرزارەكە مابویەوە تەنها زەكاتی یەك ساڵی لێ دەدات ([19]).

**بابەتی دووەم** : ئەو ماڵ و سامانەی كە وەقفی لایەنێكی خێری گشتی كرابوو، وەك وەقفی مزگەوت و خوێندنگە و هاوشێوەكانی، زەكاتیان تێدا واجب نییە .

**بابەتی سێهەم** : خانوو و زەوی و عەقارات و ئۆتۆمبیل وهاوشێوەكانیان، ئەگەر مەبەست لێیان بازرگانی پێوە كردن بێت، ئەوا نرخەكانیان دەخەمڵێنرێت وپاشان لەصەدا دوو نیوی دەدرێت بە

---

([19]) مختصر الفقه الإسلامي (لاپەرە : 79).

زەکاتدا ئەگەر ساڵێ کۆچی بەسەردا گەڕابێتەوە، خۆ ئەگەر مەبەست لێیان بەکرێدان بێت، ئەو کاتە زەکات لەو کرێیە دەدرێت کە خاوەنەکەی وەری دەگرێت لەکرێچیەکانی، ئەویش لەصەدا دوو نیوە بەو مەرجەی ساڵێ بەسەردا گەڕابێتەوە ([20]).

**بابەتی چوارەم** : کەسێك ئەگەر هاتوو قەرزار بوو، قەرزەکەی هیچ ڕێگر نابێت لە دەرکردنی زەکاتی ئەو ماڵ و سامانەی کە دیار و ئاشکران (21) واتا : ئەگەر کەسێك قەرزاری کەسێك بوو، لە هەمان کاتدا ماڵ و سامانی دیار و ئاشکرای هەبوو، وەك ووشتر و مانگا و مەڕ و بزن، یان دانەوێڵە و بەروبوومی کشتوکاڵی، لەم کاتەدا ئەو قەرزەی لەسەریەتی نابێتە ڕێگر لە دەرکردنی زەکاتی ئەو ماڵ و سامانە دیار و ئاشکرایەی.

**بابەتی پێنجەم** : هەرکەسێك مرد، بەڵام ئەو زەکاتەی لەسەری بوو دەری نەکردبوو، ئەوا کەسوکارەکەی پێش ئەوەی میراتەکەی بەش بکەن دەبێت ئەو زەکاتە دەربکەن لە ماڵە بەجێماوەکەی([22]).

**بابەتی شەشەم** : هەرکەسێك هەندێك زێڕی هەبوو، بەڵام نەدەگەیشتە ڕادەی واجب بوونی زەکات، لە هەمان کاتدا هەندێك زیوویشی هەبوو، ئەویش نەدەگەیشتە ڕادەی واجب بوونی زەکات

([20]) سەرچاوەی پێشوو تر: (لاپەرە : 79).

([21]) سەرچاوەی پێشوو تر: (لاپەرە :79)، مەبەست لە ماڵ وسامانی دیار و ئاشکرا : ووشتر و مانگا و مەڕو بزنە، لەگەڵ دانەوێڵە و بەروبومە کشتوکاڵیەکان، بەڵام مەبەست لە ماڵ و سامانی نادیار، پارە و پوڵ و زێڕ و زیوو و ماڵی بازرگانییە .

([22]) المغني: (4662).

تێیدا، لەم کاتەدا هەردووکیان کۆ دەکاتەوە، ئەگەر بە هەردووکیانەوە گەیشتنە ڕادەی واجب بوونی زەکات (نصاب)، ئەوا زەکاتەکەیان لێ دەردەکات، بەڵام هەر یەکێکیان حسابی خۆی بۆ دەکات، خۆ ئەگەر هاتوو پاش ئەوەی حسابی هەریەکەیانی بەجودا کرد، دەتوانێ لەبری زێڕەکەیش بە قیمەتی زێڕەکە زیوو بدات، یان بە پێچەوانەوە، وە هەندێك لە زانایانیش ووتویانە نابێت زێڕ و زیوو بخرێنە پاڵ یەك، بەڵکو دەبێت هەر یەکەیان گەشتبێتە ڕادەی (نصاب) واجب بوونی زەکاتی خۆی، ئەمەش ڕای پەسەند کراوی شێخ محمد بن صالح العثیمینە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ([23]) .

**بابەتی حەوتەم** : زەکاتی ئەو ماڵ و سامانەی کە لە ژێر زەویدا دەدۆزرێتەوە و بە (الركاز) لای زانایان ناو دەبرێت، هەرکەسێك لەماڵەکەیدا ماڵ وسامانێکی شاراوەی دۆزیەوە، واجبە پێنج یەکی بدات بە هەژاران و نەداران، ئەویش بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت : « في الركاز الخمس » ([24]) واتا : ئەو ماڵ و سامانەی لەژێر زەویدا دەدۆزرێتەوە پێنج یەکی دەدرێت بە زەکاتدا .

**بابەتی هەشتەم** : لەسەر ڕای دروستی زانایان کە پاڵپشتە بە بەڵگەی بەهێز، مەرجە ئەو ماڵ و سامانەی کە لەژێر زەویدا دەدۆزرێتەوە وەك زەکاتی هەموو شتەکانی تر بگاتە ڕادەی واجب بوونی زەکات (نصاب)، بەڵام مەرج نییە ساڵی بەسەردا بگەڕێتەوە، چونکە بەیەکجار

---

([23]) المغني: (6032-604). الممتع في شرح زاد المستنقع: (1076- 108 ).

([24]) رواه البخاري في الزكاة ، باب في الركاز الخمس (1449).

دۆزیویەتیەوە، هەروەك چۆن زەكاتی دانەوێڵە و بەروبوومی كشتوكاڵی پێویست بە تێپەڕ بوونی ساڵ ناكات ([25]).

## بابەتی نۆیەم : زەكاتی پشك و قەواڵەكان (زكاة الأسهم والسندات) :

### یەكەم : پێناسەی پشك و قەواڵەكان (تعريف الأسهم والسندات) :

پشكەكان (الأسهم) : ئەو مافە داراییانەیە كە خاوەنداریەتیەكەی دەگەڕێتەوە بۆكۆمەڵە كەسێك، لەیەكێك لەو كۆمپانیا و دامەزراوانەدا كە سەرمایەكەیان دابەش كردووە بۆ چەند پشكێكی یەكسان لەڕووی نرخەوە، وە بەپێی یاسای ئەو كۆمپانیا و دامەزراوانە قازانجەكەی وەردەگرن .

قەواڵەكان (السندات) : ئەو بەڵێنە نووسراوەیە كە لە لایەنێكی دەستنیشان كراوە نووسراوە، بە پێدانی بڕێك قەرزی دیاری كراو، لەكاتێكی دیاری كراو، لە بەرامبەر سوودێكی دیاری كراو، ئەمەش بێگومان حەرامە چونكە سوود (ڕیبا) ی تێدەكەوێت .

### دووەم : چۆن زەكاتی پشك و قەواڵەكان دەردەكرێت ؟

1) زەكاتی پشكەكان (الاسهم) : خاوەنی پشكەكان دەتوانێت یەكێك لەم دوو بژاردەیە هەڵبژێرێت :

---

([25]) المغني (604/2).

**یەکەم** : ئەوەیە ساڵانە زەکاتی هەموو سەرمایەکەی دەربکات، کاتێك قازانجەکەی وەرگرت زەکاتی ئەو ماوەیەی پێشووتر بدات چەند ساڵ بوو، یان زەکاتی یەك ساڵ بدات لەسەر ئەو جیاوازیەی کە لە نێوان زانایاندا هەیە .

**دووەم** : ئەوەیە هەموو سەری ساڵێك لە نرخی پشکەکانی بپرسێت، بزانێت نرخی پشکەکانی لەبازاڕدا چەندن، ئەو کاتە لەسەر ووتەی بەرێوەبەرانی ئەو کۆمپانیای کە ئەو پشکەکانی تێدا کڕیون زەکاتەکەی دەربکات، یان لەسەر ووتەی کەسانی شارەزا لەو بوارەدا، جا چی پشکەکانی قازانجیان کردبێت یان زیان، زەکاتی ئەم پشکانەیش وەك زەکاتی زێڕ و زیووە، هەر کاتێك گەشتە ڕادە (نصاب) ی دیاری کراو، دەبێت لە صەدا دوو و نیو (2،5%) بدات لە زەکاتدا ([26]).

2) زەکاتی قەواڵەکان (السندات) :

باسی ئەوەمان کرد قەواڵەکان (السندات) وەرگرتنی قەرزێکە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، لەبەر ئەوە زەکاتی ئەم قەوالانە وەك زەکاتی پارەی قەرز وایە، کە پێشتر باسمان کرد، واتا : ئەگەر ئەو قەرزە، قەرز بوو لەسەر کەسێکی دەوڵەمەند و هەرکاتێك داوای کردەوە ئامادە بوو بیداتەوە، ئەوە دەبێت خاوەنی قەواڵەکان لەگەڵ پارە و سەروەت و سامانی خۆیدا هەموو ساڵێك زەکاتی ئەو قەرزەش کە داویەتی بەو کەسە دەربکات، خۆ ئەگەر لەسەر کەسێکی نەدار بوو، نەی بوو لەکاتی

---

([26]) کتێبی (الزکاة) ی دانەر (لاپەڕە 106).

خۆیدا قەرزەکە بداتەوە بە خاوەنەکەی، ئەوە هەرکاتێك قەرزەکەی وەرگرتەوە زەکاتی ئەو ماوەیەی پێشوتر دەدات، یان زەکاتی ساڵێکی بدات، ئەمەی کۆتایی ڕای دروست ترە .

**بابەتی دەیەم : زەکاتی ماڵی بەدەست هاتوو (المال المستفاد) :**

مەبەست لە ماڵی بەدەست هاتوو : ئەو قازانجەیە کە خاوەنەکەی لە بازرگانی کردن، یان لە بەرهەمی ئاو ئاژەڵانەوە دەستی دەکەوێت کە بەخێویان دەکات، ئەمەش زەکاتەکەی لە گەل زەکاتی سەرمایەکەیدا دەردەکات، وە سەیری ئەو ناکرێت ئایا ساڵی بەسەردا گەڕاوەتەوە یان نا، خۆ ئەگەر هاتوو ئەو ماڵە بەدەست هاتووە قازانجی بازرگانی یان بەرهەمی ئاژەڵ نەبوو، ئەو کاتە چاوەڕێی گەڕانەوەی ساڵ دەکات بەسەریدا، ئەگەر هاتوو گەشتبووە ڕادەی واجب بوونی زەکات تێیدا، پاشان زەکاتەکەی دەردەکات، بۆ نمونە ئەگەر کەسێك برادەرێکی بڕێك پارەی وەك دیاری پێدابێت، یان بڕێك پارەی وەك میرات بۆ بەجێ مابێت، لەم کاتەدا دەبێت ئەو ماڵە ساڵی بەسەردا بگەڕێتەوە .

**بابەتی یازدەیەم : ئایا زەکات دەبێت خێرا دەربکرێت ؟**

ڕای پەسەند لای زانایان ئەوەیە ئەگەر کەسێك ماڵ وسەروەت وسامانێکی هەبوو، زەکاتی لەسەر واجب بوو بوو، بەوەی گەشتبووە ڕادەی واجب بوونی زەکات و ساڵیشی بەسەردا گەڕابوویەوە، دەبێت خێرا زەکاتەکەی لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا دەربکات و بەهیچ شێوەیە دوای نەخات، چونکە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا فەرمانەکان دەبێت خێرا جێبەجێ بکرێن .

بەڵام مەسئەلەیەك هەیە، ئەگەر هاتوو بەرژەوەندی گشتی هەژاران وای دەخواست كە دوابخرێت ئەوە دروستە دوابخرێت، بۆ نموونە : لە ڕەمەزاندا هەموو دەوڵەمەندەكان زەكاتی ماڵ و سامانیان دەردەكەن، بۆیە هەژاران یان زۆربەیان لەو مانگەدا دەبوژێنەوە و تا ئەندازەیەك پێداویستیەكانیان پڕ دەبێتەوە، بەڵام لە مانگەكانی تردا دەبینیت هەژاران جارێكی تر پێویستیان بە یارمەتیدان دەبێتەوە، و دەوڵەمەند و سەرمایەدارەكانیش زۆربەیان زەكاتیان دەركردوە، لەم كاتەدا ئەگەر دوابخرێت لەبەر بەرژوەندی گشتی هەژاران دروستە بەڵام بە دوو مەرج :

1) ئەوەی دەدرێت بە زەكاتدا جودای بكاتەوە لە ماڵی خۆی.

2) نووسراوێك بنوسێت و بڕی ئەو پارەیەی كە واجبە لەسەری بیدات بەزەكاتدا دیاری بكات، بۆ ئەوەی ئەگەر لەو ماوەیەدا وەفاتی كرد و مرد كەسەكانی پێش وەرگرتنی میراتەكەیان زەكاتەكەی لێ دەربكەن.

هەروەها یەكێكی تر لەو كاتانەی كە دروستە زەكات دوابخرێت، كاتێكە ئەگەر ئەو كەسەی زەكاتی ماڵ و سامانەكەی دەدات لە پێناو دۆزینەوەی كەسانی موستەحەق و شایستە بە وەرگرتنی زەكات پێویستی بەوە هەبوو ماوەیەك بگەڕێت تا ئەو كەسانە دەبینێتەوە، چونكە لەم سەردەمەی خۆماندا زایەكردنی سپاردە و ئەمانەت زۆر بووە ([27]) .

---

([27]) الممتع في شرح زاد المستنقع: (189/6-190).

## نۆیەم : ئەو کەسانەی زەکاتیان پێ دەدرێت (مصارف الزكاة) :

مەبەست (مصارف الزكاة) دیاری کردنی ئەو کەسانەیە کە زەکاتیان پێ دەدرێت و موستەهەق و شایستەی وەرگرتنی زەکاتن، ئەوانیش خوای گەورە لە ئایەتێکی قورئانی پیرۆزدا بە ڕوونی هەموویانی دەستنیشان کردووە، کە هەشت جۆر کەسن، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱلۡعَٰمِلِينَ عَلَيۡهَا وَٱلۡمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمۡ وَفِي ٱلرِّقَابِ وَٱلۡغَٰرِمِينَ وَفِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِۖ فَرِيضَةٗ مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ٦٠﴾[28] واتا : بێگومان زەکات تەنها بۆ نەداران، هەژاران، و ئەو کەسانەی کە زەکات کۆ دەکەنەوە و کارمەندن بەسەریەوە، وە بۆ ئەوانەی ئومێدی ئەوەیان لێ دەکرێت لە ئایندەدا موسڵمان بن، و بۆ ئازادکردنی کۆیلە و یەخسیرەکان، و بۆ (یارمەتیدانی) قەرزدارەکان، لە پێناوی ڕێی خوادا، واتا : بۆ ئەو موجاهیدانەیە هەمیشە ئامادەن بۆپاراستنی سنوورەکانی ئیسلام و دەچنە جیهاد، هەروەها بۆ ئەو ڕێبوارانەش کە پارەیان لێ دەبڕێت و نەدار دەکەون، (دابەشکردنی زەکات بەو شێوەیە) فەرزە لە لایەن خواوە لەگەردنی ئیمانداراندا، خواش زاناو دانایە (لە سامان بەخشین و فەرزکردنی زەکاتدا).

ئەو هەشت کۆمەڵەش لە ئایەتەکەدا باسکراون، ئەمانەن :

1) نەداران(الفقراء).

2) هەژاران(المساكين).

(28) التوبة الاية : 60 .

3) ئەو کەسانەی کە زەکات کۆ دەکەنەوە (العاملون عليها) .

4) ئەوانەی ئومێدی ئەوەیان لیَ دەکرێت لە ئایندەدا موسڵمان بن (المؤلفة قلوبهم) .

5) کۆیلە و یەخسیرەکان (الرقاب) .

6) قەرزارەکان (الغارمون) .

7) لەرێی خوادا (في سبيل الله) .

8) رێبوار (ابن السبيل) .

**یەکەم : نەداران (الفقراء) :**

فەقیر بەو کەسە دەوترێت کە هەر هیچی نییە، یان دەڵێن : فەقیر بەو کەسە دەوترێت کەمترین شتی هەیە لە ماڵی دونیا، بەڵام بەشی ناکات، مەبەست لە فەقیریش ئەوە نییە، ئەوەی هەیەتی بەشی خۆی نەکات، بەڵکو بەشی خۆی و بەشی ئەو کەسانەش ناکات کە ئەو بەخێویان دەکات، وە مەبەست تەنها لەخواردنیش نییە، بەڵکو بەشی خواردن و خواردنەوە وجلوبەرگ ونیشتەجیَ بوونیشی ناکات، تەنانەت ناتوانێت خێزانیش پێکەوە بنێت، بۆ نموونە گریمان ئەگەر مرۆڤێك پێویستی بە ژنهێنان هەبوو، بەڵام خۆی هێندەی هەبوو کە بەشی خواردن و خواردنەوە وجلوبەرگی

دەكرد، بەڵام دەسەڵاتی ئەوەی نەبوو مارەیی بۆ ژنهێنان دەستەبەر بكات، لەم حاڵەتەدا لە ماڵی زەكات هێندەی دەدرێتی كە مارەیی بۆ ژنهێنانەكەی بكرێت ([29]).

**تێبینی** : ئەگەر كەسێك توانای ئەوەی هەبوو كە ئیش بكات و پارە بەدەست بهێنێت، بەڵام هیچی بەدەستەوە نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەیویست خۆی تەرخان بكات بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانیاری، ئایا لەماڵی زەكاتدا دەدرێت بەم كەسە بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانیاری .

**وەڵام** : بەڵێ زەكاتی پێ دەدرێت، چونكە خۆتەرخان كردن بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانیاری، جۆرێكە لە جۆرەكانی جهاد و تێكۆشان لە پێناو خوای گەورەدا ﷻ .

**دووەم : هەژاران(المساكین) :**

مسكین بەو كەسە هەژارە دەوترێت كە هەژاریەكەی لە فەقیر كەمترە، بەڵام ئەمەیش ئەوەی هەیەتی بەشی دابینكردنی پێداویستیەكانی ناكات، پێغەمبەریش ﷺ بە فەرموودەیەك ئەمەی ڕوون كردوەتەوە كە دەفەرمووێت : «ليس المسكين الذي يطوف على الناس ترده اللقمة واللقمتان، والتمرة والتمرتان، ولكن المسكين الذي لا يجد غني يغنيه، ولا يُفطن له فيتصدق عليه ولا يقوم فيسأل الناس» ([30]) واتا : هەژار (مسكين) ئەو كەسە نییە كە داوای پاروویەك دوو پاروو یان دەنكە خورمایەك دوو دەنكە خورما لەخەڵكی دەكات، بەڵكو هەژار ئەو كەسەیە دەوڵەمەندێك

---

([29]) الممتع: (220/6).

([30]) رواه البخاري في الزكاة، باب لا يسألون الناس إلحافا (1479)، ومسلم في الزكاة، باب المسكين الذي لا يجد غنى (2440).

نابینێتەوە بێ نازی کات لەهەموو شتێك، وە خەڵکی نازانێت کە هەژارە تاوەکو زەکات و خێری بدەنێ، وە هەڵناسێت داوا لەخەڵکی بکات یارمەتی بدەن، واتا : شەرم دەکات و لەڕووی نایەت هەژاری خۆی بۆ خەڵکی دەربخات تاوەکو یارمەتی بدەن .

مسکینیش لە حوکمدا وەك فەقیر وایە، ئەگەر زەکاتی پێدرا دەبێت هێندەی پێ بدرێت کە پێداویستیەکانی پڕ بکاتەوە .

**سێهەم : ئەو کەسانەی کە زەکات کۆ دەکەنەوە (العاملون علیها) :**

مەبەست لەو کەسانەیە کە ئیمام و پێشەوای موسڵمانان (حکومەتی ئیسلام) دەیانێرێت بۆ کۆکردنەوەی زەکات و هێنانەوەی بۆ حکومەت، ئەم کەسانە وهاوکارەکانیان لەو زەکاتە کرێی کار و مووچەی کارەکەیان پێ دەدرێت هەرچەند دەوڵەمەندیش بن .

**چوارەم : ئەوانەی ئومێدی ئەوەیان لێ دەکرێت لە ئایندەدا موسڵمان بن (المؤلفة قلوبهم) :**

مەبەست لەم کەسانەیش گەورە و سەرداری ناو عەشیرەت و هۆزەکانی خۆیانن، کەسانێکی زۆر گوێڕایەڵیان دەکەن، ئەم کەسانە لەبەر چەند هۆیەك ئیسلام مەبەستیەتی دڵیان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و ڕەچاوی پلە وپایە و مەکانەتیان :

أ) بە ئومێدی موسڵمان بوونی، بە شێوەیەك ئەگەر بێباوەڕ بوو ئومێدی موسڵمان بوونی لێ بکرێت، بەڵام ئەگەر ئومێدی موسڵمان بوونی لێ نەکرا زەکاتی پێ نادرێت، ئەو کەسەشی کە

ئومێدی موسڵمان بوونی لێ بکرێت بەچەند قەرینەیەکدا دەزانرێت، بۆ نموونە ئەگەر مەیل و خۆشەویستی بۆ موسڵمان هەبوو، یان حەزی بە خوێندنەوەی پەرتووکە ئیسلامیەکان دەکرد، یان داوای ئەوەی دەکرد کە ئەحکامەکانی ئیسلامی بۆ ڕوون بکەنەوە .

ب) بە ئومێدی ئەوەی موسڵمانان لە شەڕ و خراپەی پارێزراو بن، بەو مانایە، ئەو کەسە هەڵوێستی زۆر خراپە بەرامبەر موسڵمانان و ماڵ و سامانیان، لەم کاتەدا بڕێك زەکات دەدرێت بەم کەسە بۆ ئەوەی دەست هەڵبگرێت لەو خراپە بەرامبەر موسڵمانان .

ج) زەکاتی دەدرێتی بە ئومێدی ئەوەی ئیمانی بەهێز ببێت، وەك ئەوەی کەسێك بیروباوەڕی لاواز بێت، یان هەندێك کەمتەرخەمی هەبێت لە جێ بەجێکردنی واجبەکانی ئیسلامدا، بڕێك لە زەکاتی پێ دەدرێت بۆ ئەوەی دڵی دامەزراو ببێت لەسەر بیروباوەڕی ئیسلام و واجبەکانی .

## پێنجەم : بەندە و یەخسیرەکان (الرقاب)، ئەمانەیش چەند جۆرێکن :

أ) ئەو بەندانەی کە خاوەنەکانیان گرێ بەستێکیان بۆ نووسیون، یان بەڵێنیان پێداون، ئەگەر بڕێك پارەیان بۆ بهێنین ئازادیان بکەن، کە لە فیقهی ئیسلامیدا بە (مکاتب) ناودەهێنرێن، ئەم جۆرە بەندانە لە زەکاتی موسڵمانان ئەو پارەییەیان پێ دەدرێت تاوەکو بیدەن بە خاوەنەکانیان و ئازادیان بکەن .

ب) ئەگەر هاتوو موسڵمانێك یەخسیر و دیل بوو لای دوژمنانی ئیسلام، بۆ ئازادکردنیان داوای پارەیان دەکرد، لە زەکاتی موسڵمانان پارەیان دەدرێتی بۆ ئەوەی ئازادیان بکەن .

ج) ئەگەر هاتوو بەندە بوو، بە پارەی زەکاتی موسڵمانان لە خاوەنەکانیان دەکڕین بۆ ئەوەی ئازاد بکرێن .

**شەشەم : قەرزارەکان (الغارمون) :**

الغارم : ئەو کەسەیە قەرزێکی کردبێت بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی خۆی، جگە لەو پێداویستیانەی کە خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ پێی ڕازی نیین، بەڵام هەرچەند دەکات ناتوانێت قەرزەکەی بداتەوە، لەم کاتەدا لە زەکاتی موسڵمانانی دەدرێتی بۆ ئەوەی قەرزەکانی بداتەوە .

قەرزارەکانیش دوو جۆرن :

**یەکەم** : قەرزارێك لەبەر ئەوەی لە نێوان خەڵکیدا فیتنە و ئاژاوەیەك هەبووە، و وویستویەتی ئاشتیان بکاتەوە و نێوانیان ساز بکاتەوە قەرزی کردووە، چونکە ئەم ئاشتەواوی و سازدانەوە پێویستی بە بەخشینی ماڵ و سامان هەبووە، ئەم کەسەیش لەم پێناوەدا قەرزی کردووە، و بڕێك پارەی داوە بە هەردوو تەرەفەکە، بۆ ئەوەی صولْح وئاشتەواییەکە سەر بگرێت، لەم کاتەدا لە زەکاتی موسڵمانان قەرزی ئەم کەسە ئاشتی خوازە دەدرێتەوە، هەرچەند خۆیشی دەوڵەمەند بێت.

**دووەم** : قەرزارێکی هەژار، قەرزی بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی خۆی کردبێت، لەم کاتەدا زەکاتی پێ دەدرێت بۆ ئەوەی قەرزەکانی بداتەوە، چونکە ئەگەر زەکاتی نەدرێتی لەبەر هەژاری ناتوانێت قەرزەکانی بداتەوە، ئەگەر چی ئەم کەسە هێندە پارەیشی هەبێت بەشی ماڵ و منداڵیشی بکات .

## تێبینیەک لەسەر ئەستۆ پاکردنەوەی قەرزارێکی هەژار بە نیەتی زەکات :

ئەم مەسئەلەیە شێوەکەی ئاوایە : کەسێك قەرزی داوە بە هەژارێك، و ئێستا داوای قەرزەکەی لێدەکاتەوە، لە هەمان کاتدا خاوەن قەرزەکە بڕێك پارەی زەکاتی لەسەرە کە بڕەکەی هەمان ئەو بڕەیە کە بەلای قەرزارە هەژارەکەوەیە، ئایا ئەم کەسە خاوەن قەرزە ئەتوانێت بە نیەتی زەکات لە قەرزەکەی کە بەسەر هەژارەکەوەیە خۆش ببێت و داوای نەکاتەوە ؟

لەسەر ڕای دروست و صەحیحی زانایان دروست نییە بە نیەتی زەکات لە قەرزی قەرزارەکەت خۆش ببیت، خۆ ئەگەر ئەوەشت کرد زەکاتەکەت لەسەر لاناچێت، چونکە زەکاتدان پرۆسەیەکە پێك دێت لە پێدان و وەرگرتن، لەم مەسئەلەیەشدا نە پێدان هەیە و نەوەرگرتنیش، لە هەمان کاتدا خاوەن قەرز بۆی هەیە ئومێدی ئەوەی نەمابێت کە ئەو کەسە هەژارە قەرزەکەی دەداتەوە، بەڵام بەم شێوەیە دەیەوێت لەیەك کاتدا قەرزەکەی بۆ بگەڕێتەوە و زەکاتەکەشی لەسەر لاچێت، بۆیە دەڵێین دروست نییە .

**حەوتەم : لەڕێی خوادا (في سبيل الله) :**

مەبەست لە (في سبيل الله) ئەو كەسانەن كە لە جیهاد و تیكۆشاندان و چەكیان هەڵگرتووە بۆ بەرگری كردن لە حكومەت و دەسەڵاتی ئیسلام و موسڵمانان، ئەم كەسانە لە بەر ئەوەی خۆیان تەرخان كردووە و خەریكی ئەو كارە گرنگەن برێك لە زەكاتی موسڵمانانیان پێ دەدرێت، وە هەندێك لە زانایانیش هەموو كارێكی خێر و چاكەیان خستوەتە ڕیزی (في سبيل الله) ـەوە، وەك كردنەوەی مزگەوت و قوتابخانەی زانستە شەرعیەكان، وموچەی مامۆستا و بانگخوازان، و هتد ... ئەم وتەیەش خۆی لەخۆیدا جێگای تێبینی و لێكۆڵینەوەیە، چونكە ئەگەر وابوایە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ ئەمەیان ڕوون دەكردەوە، لە ڕاستیشدا ئەوەیە ئەم پشكەی زەكات تایبەتە بەو كەسانەی كە تێكۆشەر و موجاهیدن و لە پێناو خوای گەورە بەرگری لە ئیسلام و موسڵمانان دەكەن، بەڕای ئێمە جگە لەمە شمولی كەسی تر ناكات، خوای گەورەش زاناترە .

**هەشتەم : ڕێبوار (ابن السبيل) :**

مەبەست لە (ابن السبيل) ئەو موسافیر و ڕێبوارەیە كە لە سەفەرەكەیدا ماڵ و پارەی لێ بڕاوە، وهیچ شتێكی پێ نییە تا بیگەیەنێتەوە بۆ وولات و ماڵی خۆی، لەم كاتەدا ئەم ڕێبوارە هەرچەند لەوولاتی خۆی دەوڵەمەندیش بێت بەڵام ئەوەندەی لە زەكات دەدرێتی تاوەكو پێویستیەكەی پێ بڕ بكاتەوە و بگاتەوە جێگا و ڕێگای خۆی، ئەویش لەبەر ئەوەی سەیری ئەوە دەكرێت ئەم كەسە لەم كاتەدا هەژارە و لە سەفەرەكەیدا هیچی پێ نەماوە، یان پێیەتی بەشی ناكات، بەڵام بەو

مەرجەی سەفەرەکەی بۆ کارێکی حەرام نەبوو بێت، چونکە ئەگەر بۆ کارێکی حەرام بوو بێت، زەکاتی پێ بدرێت یارمەتیدانیەتی لە سەر سەرپێچی خوای گەورە .

### ئەو کەسانەی کە دروست نییە زەکاتیان پێ بدرێت :

1) دەوڵەمەندەکان .

2) بێباوەڕان، چونکە ئەگەر زەکاتیان پێ بدرێت مانای وایە هانیان دەدەیت لەسەر بێباوەڕیەکەیان و دان دەنێیت بەو کارەی لەسەرینی .

3) زەکات نادرێت بەو کەسانەی کە نەفەقە ودابینکردنی ژیانیان لەسەرتە، وەك ژن، و باوك، و دایك، وباپیرەکان، و داپیرەکان، هەروەها نـادرێت بە کوڕ و کچ و منداڵەکانیان .

4) ئال و بەیتی پێغەمبەری خوا ﷺ، کە مەبەست لە بەنو هاشم و بەنو عبدالمطلبە، وە هەندێکی تر ووتویانە : تەنها بەنو هاشم .

## زەكاتی سەر فیترە

### پێناسەی زەكاتی سەر فیترە :

بریتیە لەو زەكاتە دیاری كراوەی كە مرۆڤی موسڵمان بە كۆتایی هاتنی مانگی ڕەمەزان و پێش ئەنجامدانی نوێژی چەژن لەسەری واجب دەبێت، بۆ كۆمەڵە كەسێكی دیاری كراو .

### حوكمی زەكاتی سەر فیترە :

زەكاتی سەر فیترە واجبە لەسەر هەموو موسڵمانێك كە زیاتر لە خەرجی ڕۆژی جەژنی خۆی و ماڵ و منداڵی هەبێت، ئەویش بە بەڵگەی ئەم ڕیوایەتە : عن ابن عمر رضي الله عنهما : « فرض رسول الله ﷺ زكاة الفطر في رمضان صاعاً من تمر أو صاعاً من شعير على العبد والحر والذكر والأنثى والصغير والكبير من المسلمين » ([31]) واتا : عەبدوڵڵای كوڕی عومەر (خوایان لێ ڕازیٰ بێت) دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ زەكاتی سەر فیترەی بە ئەندازەی صاعێك لە خورما، یان صاعێك لە جۆ، فەرز كرد لەسەر بەندە، و ئازاد، و نێر، و مێ، و بچووك، و گەورەی موسڵمانان .

---

([31]) رواه البخاري في الزكاة، باب فرض صدقة الفطر (1503)، ومسلم في الزكاة، باب زكاة الفطر على المسلمين (984).

## حیكمەت لە دانانی زەكاتی سەر فیترە :

1) چاكە وخێر و ئیحسانە بۆ هەژاران، بەشێوەیەك لە ڕۆژی جەژندا كە هەموو خەڵك دڵخۆشن، بۆ ئەوەی هەژارانیش لەگەڵ دەوڵەمەندەكان دڵخۆش بن، ئەم زەكاتەیان دەدرێتی، چونكە ئەم زەكاتە ئەیانگێڕێتەوە لە داواكردن و دەست پانكردنەوە لەخەڵكی لەو ڕۆژەدا .

2) ئەم زەكات و خێركردنە بە هەژاران، ڕۆژووی ڕۆژووەوانان پاك دەكاتەوە لەو ناتەواوی و كەم و كورتیانەی كە لەكاتی گرتنی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزاندا ڕوو دەدەن .

## كاتی دەركردنی زەكاتی سەر فیترە :

بەهاتنی شەوی جەژنی ڕەمەزان واجب دەبێت لەسەر موسڵمان، كاتەكانی دەركردنی ئەم زەكاتەش دوو كاتی هەیە : كاتی دروستی (وقت الجواز)، وە كاتی فەزیلەتی (وقت الفضیلة) :

كاتی دروستی (وقت الجواز) : ئەوەیە پێش ڕۆژی جەژن بە ڕۆژێك یان بەدوو ڕۆژ دەربكرێت.

كاتی فەزیلەتی (وقت الفضیلة) : ئەو كاتەیە كە لەپاش نوێژی بەیانی یەكەم ڕۆژی جەژن تا پێش ئەنجامدانی نوێژی جەژن دەربكرێت و بدرێت بە هەژاران .

## زەکاتی سەر فیترە : بەکێ دەدرێت ؟

زەکاتی سەر فیترە دەدرێت بە هەژاران و نەداران و گەداکانی ناو موسڵمانان، بەڵام ئایا ئەم زەکاتە تایبەتە بەو شارەی کە ئەو کەسەی لێ دەژی کە زەکاتەکە دەدات یان دەتوانرێت بنێررێت بۆ جێگەیەکی تر ؟ ڕای دروست و صەحیح ئەوەیە ئەگەر بەرژەوەندی گشتی موسڵمانان وای دەخواست بنێررێت بۆ جێگەیەکی تر ئەوە دروستە بنێررێت بۆی و بگوازرێتەوە بۆ ئەو جێگەیە، وەك ئەوەی ئەو جێگەیەی کە زەکاتەی لێ دەردەکرێت هەژار و نەداری لێ نەبوو، یان لێی بوو بەڵام زەکاتی سەر فیترەکە زۆر زیاتر بوو، لەهەمان کاتدا موسڵمانانی تر لەشوێن و جێگەی تر زۆر پێویستیان بەو زەکاتە هەبوو، ئەوا لەم کاتەدا دروستە بنێررێت بۆ ئەو موسڵمانانەی کە پێویستیان پێیەتی .

## ئایا دروستە لەزەکاتی سەر فیترەدا نرخەکەی لەبری قوت و خواردن دەربکرێت ؟

زانایان لەم بارەیەوە ڕایان جیاوازە :

ئەبو حەنیفە و سوفیانی ثەوری و عومەری کوڕی عەبدول عەزیز و وحەسەنی بەصری و أبو یوسف ( ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) پێیان وایە کە دروستە لەبری قوت و خواردن نرخەکەی بدرێت بە هەژاران، ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی کە پێدانی نرخی ئەو قوت و خواردنە بۆ هەژاران باشتر و بە سوودترە بۆیان .

جگە لەو زانایانەی کە باسکران، هەر سێ مەزهەبەکەی تر پێیان وایە کە دروست نییە جگە لە خواردن هیچ شتێکی تر بدرێت بە زەکاتی سەر فیترەدا، ئەویش بەبەڵگەی ئەوەی کە پیغەمبەر ﷺ بە دەقی فەرموودەی صەحیح خواردنی دیاری کردووە، ئەگەر دروست بوایە ئەوە ئاماژەی پێ دەکرد، دیارە حیکمەتیش لەوەدایە کە پیغەمبەر ﷺ دیاری کردووە ([32]).

(32) سەیری : پەرتووکی مجالس شهر رمضان ـ لشیخ محمد بن عثیمین بکە (لاپەڕە : 228).

# پێڕستی بابەتەکان



| | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | پێناسەی زەکات | 5 |
| 2 | ڕوونکردنەوەی هەندێک لە حیکمەتەکانی زەکات | 6 |
| 3 | بەڵگەکانی واجب بوونی زەکات | 7 |
| 4 | مەرجەکانی زەکات | 11 |
| 5 | ئەو ماڵانەی زەکاتیان تێدا واجبە | 14 |
| 6 | ماڵی بازرگانی | 16 |
| 7 | زەکاتی ماڵات (مەڕ و بزن و ووشتر و مانگا) | 18 |
| 8 | زەکاتی دانەوێڵە و بەروبوومی کشتوکاڵ | 22 |
| 9 | هەندێک بابەتی گشتی لەسەر زەکات | 25 |
| 10 | زەکاتی پشک و قەواڵەکان (زكاة الأسهم والسندات) | 29 |
| 11 | ئەو کەسانەی زەکاتیان پێ دەدرێت (مصارف الزكاة) | 32 |
| 12 | ئەو کەسانەی کە دروست نییە زەکاتیان پێ بدرێت | 40 |
| 13 | زەکاتی سەر فیترە | 41 |

IslamHouse.com